# Carved stone viewpoint for following astronomy in Choman (Draw district, Mami Khalan village)

Hazha Tayfur Mohammed[1], Abdullah Bakr Osman[2]
Salahadin University

*DOI: https://doi.org/10.31918/twejer.2692.03*

*Published: 5/4/2026*

## *Abstract*

*The village of Mami Khalan is located in the choman District, within the independent administration of Soran, in Erbil Governorate, in the Kurdistan Region of Iraq. It was classified as a new archaeological site in 2020 by the Directorate of Antiquities and Heritage in Soran, during the implementation of a road construction project in the area. The discovery of pottery dating back to the first millennium BCE, characterized by features of Urartian art, shed light on the historical significance of this region, which lies on the western border of the Urartian Empire. This paper examines the functional role of cup-shaped depressions (cupules) and their cultural significance to the ancient inhabitants of the Zagros region. The researcher conducted a field survey of 15 archaeological sites, including castles, settlements, cemeteries, wells, rock formations bearing rock art, as well as remains of cupules, vessels, and cookware. Most of these are recent discoveries that had not been previously recorded by the Soran Directorate. The findings suggest that these cupules may have served purposes such as indicating directions, marking seasonal changes, functioning as calendars, or even predicting events. Additionally, two other notable monuments—locally known as Kole Doshaw and Johnny (or Herkaw)-may have been associated with sacred wine production or sacrificial rituals.*

***Keyword***: *Mami Khalan village, Urartian, petroglyphs, cupules, MORTER, Kola Doshaw.*

# ڕوانگەیەکی بەردینی نەخشێندراو بۆ پەیڕەوکردنی زانستی ئەستێرەناسی لە قەزای چۆمان
# ( نموونەی هەڵبژێردراو، گوندی مەمی خەلان).

هاژە تەیفور محمد
قوتابی ماستەر- زانکۆی سەلاحەددین
hazhatayfur2020@gmail.com

پ.ی.د.عبدالله بکر عثمان
کۆلێژی ئاداب- زانکۆی سەلاحەددین
Abdullah.archeao@yahoo.com

**پوختە:**

مەمی خەلان گوندێکە لە قەزای چۆمان، سەر بە ئیدارەی سەربەخۆی سۆرانی پارێزگای هەولێرە، لە هەرێمی کوردستان. لە ساڵی ٢٠٢٠ لە کاتی پرۆژەی دروستکردنی ڕێگاوبان وەک شوێنێکی شوێنەواری لە لایەن بەڕێوەبەرایەتی شوێنەوار و کەلەپووری سۆران تۆمارکرا. دۆزینەوەی گلێنەی هەزارەی یەکەمی پێش زایین بە تایبەتمەندییەکانی هونەری ئۆرارتی و دۆزینەوەی هونەری سەربەردی جۆری هەڵکەندراو/ پێترۆگلیف بە ناوەڕۆکی سەربازییەوە، شوێنی ئەم ناوچەیەی لە سەر سنوورەکانی ڕۆژئاوای ئیمپراتۆریەتی ئۆرارتی ئاشکرا کرد. ئەم توێژینەوەیە شیکاری ڕۆڵی کارایی شێوە فنجانەکان _ کاپیولێسەکان و پەیوەندییان لەگەڵ کولتووری دانیشتوانی کۆنی زاگرۆس دەکات. توێژەر ڕووپێوییەکی مەیدانی لە ١٥ شوێنی شوێنەواری ئەنجامدا، ئەوانیش قەڵا، نشینگە، گۆڕستان، کانی، تاشە بەردێک، کە هونەری سەر بەردی لە سەر هەڵکەندراوە، لەگەڵ شوێنەواری جۆری شێوە فنجان (کاپیولێس_Cupules) و کۆلە دۆشاو و جۆنی لەخۆدەگرێت. ئەمانە زۆربەیان دۆزینەوەی نوێن و پێشتر لە بەڵگەنامەکانی بەڕێوەبەرایەتی شوێنەوار و کەلەپووری سۆراندا تۆمارنەکرابوون. دۆزینەوەکان ئاماژە بەوە دەکەن، کە ئەم شێوە فنجانانە ڕەنگە بۆ دەستنیشانکردنی ئاراستەکان، دیاریکردنی وەرزەکان، ساڵنامە، پێشبینیکردنی ڕووداوەکان بەکارهێنرابێت. هەروەها دوو شوێنەواریتریش، کە یەکێکیان لە لایەن خەڵکی ناوچەکە بە کۆلە دۆشاو و ئەویتریان بە جۆنی یاخود هەرکەو ناودەبرێن. دەکرێت یان بۆ بەرهەمهێنانی شەرابی پیرۆز یان لە ڕێوڕەسمی قوربانیکردن بەکارهێنرابن.

**کلیلە وشەکان:** گوندی مەمی خەلان، ئۆرارتی، هونەری سەر تاشەبەرد(Petroglyph)، شێوە فنجانەکان، جۆنی، کۆلە دۆشاو.

## پێشەکی:

هەڵکۆڵدراوەکانی سەر بەرد، لەوانەش شێوە فنجانەکان یان جۆنییەکان تایبەتمەندییەکی دیاری شوێنەوارین لە سەرانسەری جیهاندا. لەبارەی بەکارهێنانیان بیروڕای جیاواز هەیە، لە ناوچە شاخاوییەکانی کوردستان ئەم جۆرە هەڵکۆڵدراوانەی سەر بەرد بە شێوەیەکی بەرفراوان لە شوێنە شوێنەوارییەکاندا دەبینرێن. بەڵام تا ئێستا هیچ لێکۆڵینەوەیەکی ورد لە سەر ئامانج و ئەرکەکانیان ئەنجامنەدراوە. ئەم نووسینە بەدواداچوون بۆ کۆمەڵێک شێوە فنجان و کۆلە دۆشاو لە گوندی مەمی خەلانی سەر بە قەزای چۆمان لە پارێزگای هەولێر دەکات، کە هۆکاری دروستکردن و بەکارهێنانی ئەم ئامرازە بەردیانە لە هەزارەی یەکەمی پێش زاییندا دەخاتە ڕوو. بێگومان قەزای چۆمان بە گشتی و گوندی مەمی خەلان بە تایبەتی لە شوێنە شوینەوارییە پڕ بایەخەکانی هەرێمی کوردستان و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست هەژماردەکرێن، بەڵام تاوەکو ئێستا پشکی پێویستی خۆی لە لێکۆلینەوەی شوێنەواری وەرنەگرتووە. ئەم لێکۆڵینەوانەی کە لە ناوچەکانی دیکەی کوردستان ئەنجامدراون، بوونی شێوە فنجانەکان و کۆلە دۆشاو و جۆنیان پشتڕاستکردۆتەوە. لە لێکۆڵینەوەکانی پێشوودا نموونەی ئەو هونەرە لە دەروازەی گەلی عەلی بەگ لە سۆران و گوندی ئێنێ لە قەزای چۆمان تۆمارکراوە لە لایەن (عبدالوهاب سلیمان.) جگە لەوەش لە ناوچەی ئەسەڵگەی مەریوانی ئێرانش لە لایەن (جمال لەحافیان) کۆمەڵێک شێوە فنجان بە دابەشبوونێکی هاوشێوە بینراوە. لێکۆڵینەوە بەراوردکارییەکانی نێوان ئەم شوێنانە و دۆزینەوەکانی مەمی خەلان، دەتوانن یارمەتیدەر بن لە ڕوونکردنەوەی بەکارهێنانی ئەگەری ئەم هەڵکۆڵدراوانەی سەر بەرد. ئەم توێژینەوەیە لە سەر بنەمای سەردانی مەیدانی و تۆمارکردنێکی ورد ئەنجامدراوە هەنگاوەکانی توێژینەوەکە ئەمانەی خوارەوە لەخۆدەگرن:

١. **گەڕان و ڕووپێوی مەیدانی**: سەردانی ڕاستەوخۆی شوێنەکە و تۆمارکردنی شوێنی جوگرافی بەردەکان لە گوندی مەمی خەلان. پشکنینی وردی دابەشبوونی شێوە فنجانەکان لە سەر هەر بەردێک و تۆمارکردنی تایبەتمەندییەکانیان لە ڕووی قەبارە و قووڵی و ئاراستە.

٢. **تۆمارکردن و شـــیکردنەوەی داتا:** بەکارهێنانی کامێرا بۆ گرتنی وێنەی وردی بەردەکان و هەڵکۆڵدراوەکانی سەریان و دەوروبەریان.

٣. **شــیکاری کارایی:** شــیکاری ئەگەری ئەوەی، کە هەندێک لەم هەڵکۆڵدراونەی ســەر بەرد بۆ مەبەستی کشتوکاڵی بەکارهێنراون، وەک پرۆسەی دروستکردنی دۆشاو یان شەراب.

## شوێنی جوگرافی:

مەمــی خەلان دەکەوێــتە بــاکــووری ڕۆژهەڵاتی قەزای چۆمــان ســـەربە ئیـدارەی ســـەربەخۆی ســـۆران، نەخشـــەی (١) ئەم گوندە (٣)کم لە ســـەنتەری قەزا و (٤٧)کم لە ئیدارەی ســـەربەخۆی ســـۆرانەوە دوورە. کەوتۆتە ســـەر ملێکی نیمچە بەرزی شـــاخاوی، کە شـــوێنی گوند لێژاییە (تەلانە). دوو زنجیرە چیـا بە ســـەر ئەم دێیەدا درێژبوونەتەوە، لە بەشـــی باکوور چیایی گردمەندیل و لە ڕۆژهەڵات چیایی وەراســە (سێ چێل). لە پاڵ ئەوەشـــدا مەمی خەلان بە کۆمەڵێ گوند دەورەدراوە، لە بەشـی باکوور گوندی ئاشـی برەگویز و دەربەندە، لە بەشـــی باشـــوور گوندی شـێخ وەتمان و کۆسـرەتانە، لە ڕۆژهەڵات گوندی مژدەینانە و وێزێیە، هەروەها لە بەشـــی ڕۆژئاوا قەزای چۆمان هەڵکەوتووە. (سەردار و هوشیار، ٢٠٠٩).




نەخشەی (١)
شوێنی جوگرافی گوندی مەمی خەلان لە سەر نەخشەی قەزای چۆمان
https://www.google.com/url?sa=i&url=https%3A%2F%2Fwww.facebook.com

## پێناسەی هونەری سەربەرد:-

لەبەرئەوەی شێوە فنجانەکان/ Cupules لە زانستی شوێنەواردا بە هونەری سەر بەرد هەژماردەکرێت، سەرەتا پێویستە هونەری سەر بەرد بە شێوەیەکی گشتی بناسێنین و پێناسەی بکەین و ئاماژە بە جۆرەکانی بکەین. مرۆڤ هەر لە سەرەتای ژیانیدا هەوڵیداوە خۆی لەگەڵ سروشتدا بگونجێنیت، بەردەوام لە ململانێیەکی سەخت و دژواردا بووە لە پێناو مانەوەو بەردەوام بوون لە ژیاندا هەمیشە لە بوارە جیاجیاکان داهێنانی کردووە، نموونەی ئەم داهێنانەش هونەری سەر بەردە، کە لەم توێژینەوەیەدا تیشک دەخەینەسەر یەکێک لە جۆرەکانی کە بە شێوە فنجانەکان (Cupules) ناسراون و دەمانەوێت بە وردی لێکۆڵینەوەی لە سەر بکەین. هونەری سەر بەرد لە ناوچە جیاوازەکانی جیهاندا دۆزراوەتەوە، بۆیە ئەم بابەتە گرنگی پێدراوە و لە بازنەی لێکۆڵینەوەی شوێنەوارناسیدا جێگەی بۆ کراوەتەوە (Boyd, 2003, 28 ).

هونەری سەر بەرد دووەم کۆنترین پاشماوەی جۆری هونەرە لە دوای وێنەی سەر دیواری ئەشکەوت، کە مرۆڤ لە چاخە کۆنەکانی پێش مێژوو ئەنجامیداوە، ئەو نەخش و وێنانە دەگرێتەوە، کە لە سەردەمە جیاوازەکان لە لایەن مرۆڤەوە دروستکراوە. ئەم بەرهەمە هونەرییە سەرەتاییانە یارمەتیدەربوون بۆ تێگەیشتنمان لە مرۆڤی ڕۆژانی زوو لە ڕێگەی دەیان پاشماوەی هونەری بەجێهێڵراو لە سەر ڕووی بەرد و دیواری ئەشکەوتەکان و قەدپاڵی چیاکان، کە بە چەندین ڕێگای جیاواز کێشراون. دەتوانین بڵێین، ئەم وێنانە خۆیان دەبیننەوە لە کۆمەڵێک پەیام و بیرۆکەی داهێنەرانە، کە لە سروشت و ژیانی ڕۆژانەی مرۆڤی ڕۆژانی ڕابردوو وەرگیراون. هۆکارەکانی دروستکردنی ئەم هونەرە زۆر جیاوازە و پەیوەستە بە پێداویستییەکانی کۆمەڵگاکانی پێش مێژووەوە، زۆربەی وێنەکان دیمەنی ئاژەڵی، مرۆڤ یان هێما و نەخشە ئەندازەییەکانن، کە بە شێوەی تاک یاخود کۆمەڵ کێشراون لەخۆدەگرێت، وێنەی (١). بە پێی بەڵگە شوێنەوارییەکان، هونەری سەر بەرد دەگەڕێتەوە بۆ کۆتایی سەردەمی

پلایستۆسین و سەرەتای سەردەمی هۆلۆسین (Bradley, 1997, p.4-5). ئەوەی جێگای ئاماژەپێکردنە، ژینگە و کەش و هەوای لەباری کوردستان لە قۆناغە دێرینەکاندا هۆکارێک بووە بۆ ئەفراندنی ئەم نەخشانە، پێکانی ئامانجە جۆربەجۆرەکانی خوڵقێنەرانی ئەم هونەرە. ڕووبەری بەرد و پانتایی کەلەکان لە دێرزەمانەوە کەرەستەی گونجاو بوونە بۆ وێنەکێشان و دەربڕینی بیروباوەر و یاسای کۆمەڵایەتی و ئایینی و بیرەوەرییەکانی مرۆڤی ڕۆژگاری زوو، کە بە تێپەڕبوونی کات و پەرەپێدانی ئەم هونەرە و ئاڵۆز بوونی پێکهاتەی کۆمەڵگەکان ئەرکەکانی فراوانتر بووە و سیمای تری لەخۆیەوە گرتووە (فریبا کریمی، ١٣٨٦ شمسی، ٢٠).

لە ڕووی تەکنیکییەوە، ئەم هونەرە لە سەر بنەمای دوو شێواز بەرجەستەکراوە، کە بریتین لە وێنەی ڕەنگی (Pictographs) (قصیریان، ١٣٨٦ شمسی، ١٥)، وێنەی(١). هەروەها وێنەی هەڵکەندراو (Petroglyph) ( Kazempur, 2011, 383). وێنەی (٢). هەندێکجاریش ئەم دوو تەکنیکە بۆ دروستکردنی نەخشەکان تێکەڵکراون (صالحیان، ١٣٩٢شمسی،٥). پێمانوایە، هەر لێکۆڵینەوەیەکی زانستی لە سەر ئەم نەخشە هەڵکەندراوانە لە ڕووی زانستی مرۆڤناسی (ئەنترۆپۆلۆجی)، زانیاری زۆر سەبارەت بە باردۆخ و ڕەوشی مرۆڤ، هەروەها پەیوەندییە کولتوورییەکان لە ڕۆژگارە دوورەکانی کۆمەڵگەی ئەم ناوچەیە لە بەردەستی لێکۆلەران فەراهەمدەکات.



وێنەی (١) هونەری سەر بەردی جۆری پیکتۆگراف، ئەشکەوتی لاسکۆ لە فەرەنسا

http://www.thalo.com/thumbnail



وێنەی (٢) هونەری سەربەردی جۆری پێترۆگلیف

عبدالوهاب سلیمان، ٢٠١٦. ١١٦.

## پێناسەی شێوە فنجان:

تویژەرانی ئەم بوارە بەشێکیتر لەو نەخش و چاڵانەی لە سەر رووی بەرد دروستکراون بە جۆرێکیتری هونەری سـەر بەردی دادەنێن و ناویان ناوە شـێوە فنجان، کە ئاماژەیە بۆ

جۆرێک لە نەخشـــاندنی بەرد لە شـــێوەی کوپ لە بەردەکاندا هەڵدەکۆڵدرێن، شـــێوە فنجانەکان زیاتر لە شوێنەوارناسیدا وەک نیشانەیەک بۆ ئەنجامدانی مەراسیمە ئاینییەکان یان بەکارهێنانی لە ڕێوڕەسمە کۆمەڵایەتییەکان ناسراون (Bahn and Renfrew, 1996, p.287). ئەم جۆرە شوێنەوارانە بە تایبەتی لە سەردەمی پێش مێژوودا بەدیدەکرێن، کە مرۆڤ لە کۆندا بۆ پەرستن، ئەنجامدانی ڕێوڕەســـمی تایبەت، یان تەنانەت بۆ چاودێریکردنی ئەســـتێرەکان بەکاریدەهێنا. بە زۆری شـێوە فنجانەکان بە کۆمەڵە لە ســەر تاشــە بەردەکان دەبینرێن، کە دەتوانن نوێنەرایەتی ســـیســـتەمێکی فەلەکی یان ســـاڵنامەیی بکەن (Williams, 2014, p.143). شـــوێنەوارناس (تیمۆسی اینسۆل) بەم جۆرە پێناسەی شێوە فنجانەکان دەکات: شێوە فنجانەکان لە چوارچێوەی هونەری ســـەر بەرد هەژماردەکرێن، بریتین لە کۆمەڵێک هەڵکەندراوی شـــێوە خڕ، بە زۆری لە ســەر تاشــەبەردەکان هەڵدەکەندرێن، لە هەندێک کولتووردا، شـێوە فنجانەکان نیشـانەی شـوێنی پیرۆز یان شـوێنی تایبەت بوون بۆ ئەنجامدانی ڕێوڕەسمە ئاینی و کولتوورییەکان. بۆ نموونە، لە هەندێک ناوچەدا بە ئاڕاستەیەکی دیاریکراو دروستدەکران بەراورد بە خۆر یان ئەستێرەکان، کە دەتوانێت ئاماژە بێت بۆ ســـاڵنامەی خۆری یان فەلەکناســـی (Insoll, 2011, p.715). لێکۆڵینەوەکانی ئەم دواییە دەریدەخەن، بەکارهێنانی شـێوە فنجانەکان، دەتوانێت هەمە چەشـن و جۆراوجۆر بێت، لە بەکارهێنانیان لە ڕێوڕەســـمەکانی مردوو ناشـــتن تا دیاریکردنی شـــوێنی تـایبەت بۆ چـالاکییە کولتوورییەکـان. بەڵام هێشـــتـا زۆر لایەنی بە نـادیـاری مـاونەتەوە و لێکۆڵینەوەی زیاتر پێویســـتە (White, 2003, p.210). ئەمەش ئەوە دەردەخات، کە شـــێوە فنجـانەکـان نەک تەنیـا وەک کـارێکی هونەری، بەڵکو وەک ئـامرازێک بۆ پەیوەنـدیکردن لەگەڵ جیهانی ســەروو ســروشــتی/ ماوراء الطبیعة یان باشــتر تێگەیشــتن لە کات و شــوێن لە کۆمەڵگا کۆنەکاندا بەکارهێنراون(Whitley, 2011, p.398). لە ئەنجامی ڕووپێوی مەیدانی لە گوندی مەمی خەلان توانیمان شـــەش بەرد بدۆزینەوە، کە پێنجیان دیمەنی شـــێوە فنجانی لە ســـەرە،

بەردەکەیتریش بە مەبەســـتی بەرهەمهێنانی شـــەرابی پیرۆز یان ڕێوڕەســـمی قوربانیکردن بەکارهێنراون، کە لە خوارەوە تەنیا ئاماژە بە ســـێ لەم شـــوێنەوارە تازە دۆزراوانە دەکەین و لێکۆڵینەوەو و شیکردنەوەیان بۆ دەکەین، کە بەردی ژمارە (١،٢،٣) لەخۆدەگریت:

**بەردی ژمارە١:**


بە دووری نزیکەی (٢٠٠)م لە باکووری ڕۆژهەلاتی گۆڕســـتانێک کە ناســـراوە بە گۆڕستانی مەلا مستەفا، توانیمان تاشە بەردێک بدۆزینەوە، کە ڕەنگێکی نزیک لە ڕەساسی کاڵی هەیە، بە شـێوەیەکی سـتوونی و بە قەبارەیەکی گەورە و بەرز لە ناو زەوی جوتیارێکی خەڵکی گوندی مەمی خەلان بە ناوی (حەسەن کاشی) هەڵکەوتووە. ئەم تاشە بەردە شێوەیەکی نارێکی سـێگۆشـەیی هەیە، بەرزییەکەی لە شـوێنێکەوە بۆ شـوێنێکیتر جیاوازە، لە بەشـی لای باکوور نزیکەی (٤)م بەرزە، بەڵام لە بەشی باشوور بەرزییەکەی دەگاتە نزیکەی (١٠)م، پانی لە بەشی سـەرەوە نزیکەی (٢.٥٠)سـم دەبێت. لە سـەر ڕووی ئەم تاشـە بەردە (٥)دانە شـێوە فنجان هەڵکەندراوە، ئاڕاسـتەی شـێوە فنجانەکان لە ڕۆژهەلات بۆ ڕۆژئاوا درێژ دەبێتەوە. گەورەترین کاپیولێسـی سـەر ئەم تاشـە بەردە تیرەکەی نزیکەی (٧) سـم و بچووکترینی (٢)سـم دەبێت، بە شـێوەکی گشـتی زۆر قوڵ نین و هەندێکیان قوڵییەکەیان کەمتر لە (١)سـانتی مەترە، بڕوانە وێنەی ژمارە(٣-٤).

| | |
|---|---|
|  |  |
| وێنەی (٤)<br>وێنەی ئەم بەردەی ناو زەوی حەسەن کاشی کە شێوە فنجانەکانی لە سەر هەڵکەندراوە. وێنە (توێژەر) | |

**بەردی ژمارە ٢ :**

لە بەشی باشووری ڕۆژئاوای ئەو زەوییەی کە لە ناوچەکەدا بە زەوی (حەسەن کاشی) ناسراوە، بە دووری نزیکەی ١٥٠ سم، بەردێکی دیار هەیە خەڵکی ناوچەکە پێی دەڵێن "کۆلەدۆشاو". ئەم بەردە دەکەوێتە لای چەپی ڕێگاکە، لە ڕێگای گەڕانەوە لە ناوچەکەوە بۆ شاری چۆمان. ئەو بەردەی کە باسی لێوە دەکرێت شێوەیەکی لاکێشەیی هەبووە، بەڵام بەهۆکاری سروشتی لای چەپ و ڕاستی شکاوە. قەبارەی بەردەکە بەم شێوەیەیە: درێژی: ٢٥٠ سم، پانی: ١٢٠ سم، بەرزی: ١١٠ سم. لە ناوەڕاستی ئەم بەردە حەوزێکی هەڵکەندراوی لێژ دروستکراوە، کە شێوەیەکی تا ڕادەیەک لاکێشەیی هەیە، بە شێوەیەک کە پانی بەشی سەرەوەی زیاترە لە بەشی خوارەوە، وردەوردە تا بەرەو خوارەوە دێت ڕووبەرەکەی تەسکتر دەبێتەوە. لە کۆتایی ئەم حەوزە، ڕێڕەوێکی تەسک هەڵکەندراوە، کە دیارە بۆ تێپەڕبوونی شلە (پێدەچێت ئاوی ترێ) دیزاین کراوە. تایبەتمەندییە پێکهاتەییەکان و دیزاینی ئەم بەردە هاوشێوەی ئەو نموونانەیە، کە پێشتر لە لێکۆڵینەوەکانی پەیوەست بە کرداری دروستکردنی شەراب لە سەردەمی کۆندا باسکراون. شێوەی لێواری حەوزەکە و شوێنی ئاوەڕۆی شەربەت و

هەڵکەوتەی لە ڕووبەرێکی کراوەدا، هەموویان ئاماژەن بۆ ئەرکی ئەگەری ئەم بەردە، وەک حەوزێک بۆ کوشینی ئاوی ترێ، کە لە نەریتە کۆنەکاندا بەشێک بووە لە پرۆسەی دروستکردنی شەراب یان دۆشاو یان هەر بەرهەمە خۆراکییەکیتر لە ترێ. بۆ تێگەیشتنی زیاتر لە بابەتەکە کۆلە دۆشاوێک بە هەمان تایبەتمەندییەکانی پێشتر باسکران بە زیرەکی دەستکرد لە لایەن تویژەر دیزاین کراوە. وێنەی ژمارە (٥). پشکنینی ئەم بەردە شانبەشانی بەردی هاوشێوە و ڕووپێوی و لێکۆڵینەوەی زیاتر لە ناوچەکەدا دەتوانێت یارمەتیدەر بێت لە دیاریکردنی تێگەیشتنێکی وردتر لە ئابووری بژێوی و کشتوکاڵ و نەریتە ڕێوڕەسمییەکانی کۆمەڵگەی کۆنی ئەم ناوچەیە. بڕوانە وێنەی ژمارە (٦).



وێنەی (٥)
دیزاین کردنی کۆلەدۆشاو لە ڕێگەی زیرەکی دەستکرد
(کاری توێژەر)



وێنەی (٦)
کۆلە دۆشاوی نزیک زەوی حەسەن کاشی
(وێنە: توێژەر)

## بەردی ژمارە ٣ :

بە دووری نزیکەی نیو کیلۆمەتر لە ڕۆژئاوای گوندی مەمی خەلان، نموونەیەکی تایبەتی کاپولیس لە سەر بەردێکی گەورە دەبینرێت، کە تایبەتمەندییەکانی جیاوازە لە نموونەکانی دیکەی ناوچەکە. ئەم شێوە فنجان تیرەکەی ٢٧ سم و قووڵیەکەی ١٢ سانتیمە، قەبارەکەی زۆر گەورەترە بەراورد بە نموونەکانیتر. خاڵێکی سەرنجراکێش لەم نموونەیەدا بوونی ڕێڕەوێکی دەرچوونە، کە نزیکەی ١٠ سم پانە کە لە بەشی باکووری شێوە فنجانەکە دەستیپێکردووە و ئاراستەی دەرەوە کراوە. بەداخەوە ئەم شوێنەوارە بە نرخە لەم ساڵانەی دواییدا بووەتە

ئامانجی هەڵکەندنی بێمۆڵەت و بەشـــێک لە بەردەکە بە هۆی ئامێرەکانی وەکو درێل (لە لایەن قاچاخچییەکانی شوێنەوارەوە) زیانی پێگەیشتووە. هەروەها هەندێک لە بەشەکانی شکاندراوە و دەوروبەریشیان هەڵکۆڵیوە، پاراستن و بەڵگەنامەکردنی وردی ئەم نموونەیە گرنگییەکی تایبەتی هەیە، بە لەبەرچاوگرتنی بەها ڕەمزی و ناوازەکەی. توێژینەوە جۆراوجۆرەکان دەریانخستووە، ئەم جۆرە کاپیولێســـانە لە کولتووورە جیاوازەکاندا وەک بەشـــێک لە ڕێوڕەســـمی ئایینی و کۆمەڵایەتی بەکاردەهێنرا، لەوانە بۆ ڕشـــتنی شـــلەی پیرۆز یان ئەنجامدانی ڕێوڕەســـمی قوربانیکردن. ئەم شـــێوە فنجانە نزیکەی ١٥٠ ســـم لە ســـەر ڕووی زەوییەوە بەرزە. ئەمەش ئـامـاژەیە بۆ پێکهـاتەیەکی ئـامـانجـدار، کە لە ســـەر بەردێکی گەورە لە دەرەوەی گونـد درووســـتکراوە. دووری ئەم تاشـــە بەردە لە شـــوێنی نیشـــتەجێبوونی ناو گوند، بەکارهێنانی ڕۆژانەی وەک دروســـتکردنی ســـرکە، ڕوبیی هەنار یان کوتان و وردکردنی بەرهەمەکانیتری کشـــتوکاڵی لە ناو ئەم شـــێوە فنجانە مەحاڵ دەکات. هەروەک باســـمانکرد لە بەشـــی باکووری شـــێوە فنجانەکە ڕێڕەوێک هەیە، کە پێدەچێت ڕێڕەوی دەرچوونی شـــلە بووبێت، پاشـــماوەی ڕێڕەوێکی ئاوی کۆن بە ئاشـــکرا لە لاتەنیشـــتی بەردەکە ڕاســـتەوخۆ لە ژێر شـــێوە فنجانەکە دەبینرێت، هەرچەندە بە هۆی کاریگەرییە سروشتییەکان و تێپەڕینی هەزاران ساڵ بە تەواوی دیـار نییە، بەڵام دەتوانرێـت بە ورد بوونەوە لێی ڕێڕەوەکەی دەســـتنیشـــانبکرێـت. ئەم تایبەتمەندییانە لەگەڵ شـــوێنی دابڕاو لە دەرەوەی ژیانی ڕۆژانەی دانیشـــتوانی گوندەکە، ئەوە پیشـــاندەدەن، کە ئەم پێکهاتەیە ڕۆڵێکی تایبەتی هەبووە لە ڕێوڕەســـمی ئایینی یان کۆمەڵایەتی نـاوچەکە. توێژینەوە جۆراوجۆرەکـان دەریـانخســـتووە، کە شـــێوە فنجـانەکـان لە کولتوورە جیـاوازەکـانـدا وەک بەشـــێک لە ڕێوڕەســـمی ئـایینی و کۆمەڵایەتی بەکاردەهێنرا، لەوانە بۆ دروستکردنی شـەرابی پیرۆز یان ئەنجامدانی ڕێوڕەسمی قوربانیکردن. بە لەبەرچاوگرتنی ئەو توخمانەی ســـەرەوە، ئەگەری ئەوە هەیە، کە ئەم شـێوە فنجانەیە لە چوارچێوەی ڕێوڕەســـمی

ئایینی یان کۆمەڵایەتی تایبەتدا بەکارهێنرابێت، وەک قوربانیکردنی ئاژەڵ، ڕشــتنی شــەراب یان شـلـەی پیرۆز یان ڕێوڕەسـمی نەزر و نزا و پاڕانەوە. لە دیزاینی ئەم جۆرە شـێوە فنجانەیە، کە شـــــلـەمەنییەکان دەڕژێنە ناو ڕێڕەوێکی ئاوەوە لە زۆرێک لە کولتووره کۆنەکاندا وەک هێمای قوربانیکردن بۆ هێزە پیرۆزەکان یان سروشت سەیردەکرێت، وێنەی ژمارە(٧-٨).






| | |
|---|---|
| وێنەی (٧)<br>دیمەنی شێوە فنجانی ناو زەوی خڕەبەردان<br>وێنە: توێژەر | وێنەی (٨)<br>دیزاین کردنی شێوە فنجان لە ڕێگەی زیرەکی دەستکرد<br>(کاری توێژەر) |

## شیکاری دۆزینەوەکان:

دۆزینەوەی شەش بەرد لە گوندی مەمی خەلان دەریدەخات، کە پێنجیان شێوە فنجان لە سـەریان هەیە، قەبارە و دابەشـبوونیان جیاوازە. بچووکترین شـێوە فنجان تیرەکەی نزیکەی ١ سـم و قووڵی نزیکەی ٢ ملم. لە کاتێکدا گەورەترین نموونە تیرەکەی ٢٧ سـم و قووڵی ١٢ سـم. هەروەک پێشووتر باسکرا، ئامانجی ئەم توێژینەوەیە ئەوە بوو کە، توێژەر لێکۆڵینەوە لە ڕۆڵ و ئەرکی ئەم هەڵکۆڵدراوانەی سەر بەرد بکات و لە دوو گریمانەی سەرەکی بکۆڵێتەوە:

١/ هۆکاری دروستکردنی شێوە فنجانەکان یان ئەم هەڵکۆڵدراوە بازنەییە گەورانەی لە سەر بەرد دروستدەکرێن و زۆربەیان بە جۆنی یان هەرکەو ناسراون لە لایەن دانیشتوانی کۆنی کوردستان چین؟

٢/ ئایا ئەم شوێنەوارەی گوندی مەمی خەلان، کە بە کۆلە دۆشاو ناو دەبرێت، پەیوەندی بە پرۆسەی کشتوکاڵی یان بەرهەمهێنانی دۆشاو یان شەرابەوە هەبووە؟

ئێمە لەم توێژینەوەیەدا توانیمان بە ڕێژەیەکی زۆر ئامانجەکەمان بپێکین و ئەرکی ئەم شوێنەوارانە و هۆکاری دروستکردنیان یەکلاییبکەینەوە.

هەروەک لە سەرەتا ئاماژەمانپێکرد، شێوە فنجانەکان لە کولتوورەوە بۆ کولتوور ئەرک و هۆکاری دروستکردنیان دەگۆڕێت، هەروەها هەندێک فاکتەری وەک: شوێن و هەڵکەوتەی جوگرافی، ژمارە، قەبارە، چۆنییەتی بڵاوبوونەوە و دیزاینیان لە سەر بەرد، یارمەتیدەر دەبن بۆ شیکردنەوەیان. هەروەک لە سەرەتاوە ئاماژەمان پێدا. لێرەدا بۆ ڕوونکردنەوەی ئەم بابەتە شیکردنەوەی تەنیا سێ نموونە ئەم شوێنەوارە تازە دۆزراوانەی مەمی خەلان دەخەینەڕوو، کە بەردەکانی ژمارە ١ (وێنەی ٣-٤)، ژمارە ٢ (وێنەی ٥-٦)، ژمارە ٣ (وێنەی٧-٨).

**بەردی ژمارە (١)**: هەروەک لە سەرەتا باسمان لێوە کرد، ئەم بەردە دەکەوێتە شوێنێک بە ناوی زەوی حەسەن کاشی نزیکەی چوار شێوە فنجان لە سەری هەڵکەندراوە، بەپێی لێکۆڵینەوە و بەدواداچوونەکانی ئێمە و وەرگرتنی ڕای پسپۆران وای بۆ دەچین، ئەم شوێنەوارە پەیوەستە بە بابەتی فەلەکناسییەوە و لە دێر زەمانەوە دانیشتوانی کۆنی کوردستان زانیارییان لەبارەی فەلەکناسی و ئەستێرەناسییەوە هەبووە و وێنە و کۆمەڵەکانی فەلەکییان ناسیوە و لە ژیانی ڕۆژانەیاندا بەکاریانهێناوە. بەڕێوەبەری شوێنەواری سۆران عەبدالوهاب سلێمان پێیوایە، ئەم شێوە فنجانانەی لە سەر ئەم بەردە هەڵکەندراوە هەمان وێنەی فەلەکی (Aries / بەران)ـە، دەرکەوتنی ئەم وێنە فەلەکییە لە ئاسمان لە لایەن نەتەوە کۆنەکان بە تایبەت

دانیشـــتوانی کۆنی زاگرۆس هەواڵێک بووە بۆ هاتنی وەرزی بەهار، بۆیەش بەلایانەوە گرنگ و پڕ بایەخ بووە (عبدالوهاب سلیمان)[1].

## کۆمەڵەی فەلەکی کاوڕ (Arise) و دیاریکردنی سەرەتای بەهار:

ئەســـتێرەی ئاریس یەکێکە لەو دوانزە وێنە فەلەکییەی ناوچەی خولگەی هەســـارەکان zodiac[2] (منطقة البروج)، کە لە ڕوانگەی فەلەکییەوە پەیوەســـتە بە ئیکوینۆکســـی (Equinox)[3] بەهارییەوە. هەرچەندە ئەم وێنە فەلەکییە لە ســاڵنامەی ئەمڕۆدا بە تەواوی لە ســەرەتای بەهار نییە، بەڵام لە نەریتە کۆنەکاندا بە تایبەت لە لایەن دانیشــتوانی زاگرۆس، ئێران، میســۆپۆتامیا و میســردا وەک هێمایەک بۆ دەســتپێکی ســاڵی نوێ و ژیانی نوێ ناســرابوو. هۆکاری ئەم پێگە ڕەمزییە تێپەڕبوونی خۆر بوو بە ناو هاوســەنگی بەهاردا لە ڕێگەی وێنەی فەلەکی ئاریســەوە، کە لەگەڵ ساڵنامەکانی پێشوو (precession-unadjusted)[4] هاوکات بوو. (Neugebauer, 1955, p.189) هەرچەندە ئەمڕۆ بە هۆی پێشکەوتنی جوڵەی زەوی، خۆر لە سەرەتای بەهاردا لە وێنەی فەلەکی ئاریســدا نەماوە و بەرەو نیشــانەی وێنەی فەلەکی حوت ڕۆیشــتووە، بەڵام لە نەریتە ڕەمزییە کۆنەکاندا، ئاریس وەک پارێزەری چەمکی نوێبوونەوە و گەشــەکردن ماوەتەوە.

---

١- عبدالوهاب سـلیمان حسـن، بەڕێوەبەری شـوێنەوار و کەلەپووری سـۆران، چاوپێکەوتنی تایبەتی توێژەر، بەرواری ٢٠٢٥/٣/١٨.

[2] - زۆدیاک- zodiac یان منطقـــــة البروج ئەو بازنەیە کە دابەش بۆتە سەر ١٢ بەش و هەر بەشێکی تایبەت کراوە بە وێنەیەکی فەلەکی دیاریکراو. (ماندانا کرمی، فرهنگ مصرو باستانشناسی، ١٣٨٤، ٢١٥).

[3] - ئیکوینۆکس، واتە، هاوســەنگی شــەو و ڕۆژ. بەواتای ئەو ڕۆژە دێت، کە درێژی شــەو و ڕۆژی تێدا یەکســانە. ســاڵانە دوو جار ڕوودەدات: یەکێکیان لە بەهاردا (لە دەوروبەری ٢٠ یان ٢١ی ئازار)، پێی دەوترێت ئیکوینۆکســـی بەهار. ئەویتریان لە پاییزدا (لە دەوروبەری ٢٢ یان ٢٣ی ئەیلول)، پێی دەوترێت ئیکوینۆکسی پاییز.(Kaler,J.B.,2002,PP.112-115)

[4] - پێشکەوتن بە واتای "جووڵەی پێشکەوتن" یان "پێشکەوتنی یەکسانی"، واتە میحوەری زەوی زۆر زۆر بە هێواشی دەسوڕێتەوە، وەک لوتکەیەکی مەیلان. ئەمەش دەبێتە هۆی ئەوەی هەر چەند هەزار ســاڵ جارێک لەگەڵ وەرزەکاندا شــوێنی ئەســتێرەکان کەمێک بگۆڕێت.

کاتێک دەڵێن پێشکەوتنی – ناڕێکخراو، مەبەست ئەوەیە کە:

ئەو زانیاریانەی دراون یان ئەو هەڵوێستەی باسکراوە لە ژێر ڕۆشنایی ئەم گۆڕانکارییە وردە وردە دەستکاری نەکراوە.

واتە، بۆ نموونە: دەڵێن "ئیکوینۆکســی بەهار لە وێنەی فەلەکی کاوڕ دایە، بەڵام کاتێک لەگەڵ وێنە فەلەکییەکانی ئێســتا و ئاســمانی ئەمڕۆ بەراورد دەکرێن، بەڕاستی وا نییە. تەنیا لە سەر بنەمای ئاسمانی کۆن یان حیساباتی ڕاستنەکراوە ئەم ڕاستییە دەردەکەوێت.


( Seidelmann, P. K. (ed.) (2006,p. 209).

لەم چوارچێوەیەدا دەتوانین وێنەی فەلەکی ئاریس بە جۆرێک لە "نیشـــانەی ئاســـمانی" هەژماربکرێت، کە بوونی لە ئاســـمان لە مانگەکانی زســـتاندا و نزیکبوونەوەی لە ناوەڕاســـتی ئاســـمان لە کاتی هاتنی بەهاردا دەکرا وەک نیشـــانەیەکی کاتی یان نیشـــانەیەکی گەردوونی مامەڵەبکات. ئەم ڕۆڵە ڕەمزییە لە دەقە زەردەشـــتییەکانی وەک بندهەش ڕەنگ دەداتەوە، کە کەلۆی کاوڕ/ بورجی حمل/ ئاریس وەک یەکەم بورج لە ناوچەی زۆدیاکدا (منطقة البروج) باسکراوە (Tester, 1987, pp.23-25).

**پێکهاتەی ئاسمانی کاوڕ (حەمل) و پەیوەندی بە شێوە فنجانەکانی مەمی خەلان:**

لە ڕوانگەی ئاســـمانییەوە، پێکهاتەی ئاســـمانی کاوڕ (حەمل) لە پانی جوگرافی ناوچەی مەمی خەلان (نزیکەی ٣٦.٦ پلەی باکوور)، لە ناوەڕاستی مانگی ڕەزبەر لە ئاسۆی خۆرهەڵاتدا دەرکەوتووە و لە مانگەکانی بەفرانبار تا ڕەشەمێ لە نیوەی یەکەمی شەودا لە ئاسماندا دیارە. ئەم کاتبەندییە هاوکاتە لەگەڵ گۆڕینی هێواشی سەرمای زستانەوە بۆ ڕابردنی بەهار، لە نەریتە کشتوکاڵی و کاتژمێرییەکانیشدا دەکرێت پێوەرێک بێت بۆ ڕێکخستنی چالاکییە وەرزینییەکان (Ridpath &Tirion, 2017, p.212). هەرچەندە لە ڕووکاری ئاسمانییەوە، بوونی وێنەی فەلەکی / پێکهاتەی ئاسمانی (کاوڕ) لە شەوەکانی زستاندا ڕەنگە لەگەڵ تێگەیشتنی نیشانەییی ئەو وەک نیشانەیەکی بەهار ناگونجێت، بەڵام پێویستە بیربکەینەوە، کە کرداری نیشانەکانی ئاسمانی پێویست نییە تەنیا بە بوونی ڕاستەوخۆیان لە وەرزێکی دیاریکراودا بێت، بەڵکو زیاتر پەیوەستە بە نیشانگەری کاتییەوە. واتە، بینینی (کاوڕ) لە ئاسمانی شەودا لە مانگەکانی پێش هاتنی بەهار، دەکرێت هەواڵێک بێت لە نزیکبوونەوەی ڕووناکی، گەرما و ژیانی دووبارە. لەم حاڵەتەدا، شێوە فنجانە بەردینەکانی مەمی خەلان، جۆرێک لە ئامرازی نیشانگەری ئاسمانی بووە، کە لە ڕێی دەرکەوتن و بینینی وێنەی فەلەکی کاوڕ بۆ دیاریکردنی وەرزی بەهار بەکارهاتووە. لەم چوارچێوەیەدا دەتوانرێت وا گریمانە بکرێت، ئەو شێوە فنجانانەی لە سەر ڕووی بەردی زەوی حەسەن کاشی لە مەمی خەلاندا هەڵکۆڵدراون، ڕەنگدانەوەی زانستی فەلەکی و تۆمارکردنی ڕێڕەوی ئەستێرەکان لە لایەن دانیشتوانی کوردستان لەو سەردەمە بوو بێت. ڕێکخستنی ئەم کونانە و ئاڕاستەی ئەو بەشەی بەردەکە، کە شێوە فنجانەکانی لە سەر دروستکراوە بەرەو ئاســـمان، دەتوانێت ئاماژە بێت بۆ هەوڵدان بۆ تۆمارکردنی ڕێڕەوی ئەســـتێرەکان و وێنە

فەلەکییەکان یان تەنانەت دیاریکردنی کاتی ڕێوڕەسمەکانی ساڵانەی پەیوەست بە بەهارەوە. ئەمەش ئاماژەیە بۆ پەیوەندییەکی کۆن لە نێوان زانستی فەلەکناسی و سیستەمی گەردوونی لە بیرکردنەوەی گەلانی کۆنی ناوچەکەدا ( عەبدالوهاب سلێمان، دیمانە)[5]، وێنەی (٩-١٠).




وێنەی (٩)

کاپیولیسەکانی زەوی حەسەن کاشی، وێنە (تویژەر)



وێنەی (١٠)

کۆمەڵەی فەلەکی کاوڕ/Aries

https://stock.adobe.com/search/images?k=%22aries+constellation%22&utm_source=chatgpt.com&asset_id=493462069

١/ شوێن و ئەگەری سوود وەرگرتن لە شێوە فنجانەکان، هەموو ئەم بەردانە لە شوێنی کراوە و لە نزیک نشینگەکان دروستکراون، هەروەها شێوازی بڵاوبوونەوە و هەڵکەوتە و دیزاینی شێوە فنجانەکان لە سەر بەردەکان دەرخەری ئەوەن، کە ئەمانە بۆ دیاریکردنی

١- عبدالوهاب سلیمان، بەڕێوەبەری شوێنەوار و کەلەپووری سۆران، دیمانەی تایبەتی توێژەر، سۆران، ٢٠٢٥/٣/١٨.

وەرزەکان بەکارهاتوون، لە ڕێوڕەســـــمی تایبەتی وەک هاتنی وەرزی بەهار و هێمایەک بۆ ژیانەوەی گژ و گیا و دارســـتان و گیانلەبەرەکان و ڕێوڕەســـمی جەژنی نەورۆز و کشـــتوکاڵ ســــوودیان لێوەرگیراوە. ئەمەش ئەگەری ئەوە بەهێزتر دەکات، کە وەک نیشــــانـدەری وەرز بەکارهێنراون. جگە لەوەش، پشــکنینی پێگەی فەلەکی وێنەی ئاسـمانی کۆمەڵەی ئەســتێرەکانی کاوڕ دەریدەخات، ئەم ئەســـتێرانەی لە وەرزە تایبەتەکانی ســـاڵدا دیار بوون. ئەمەش دەتوانێت ئاماژە بێت بۆ بەکارهێنانێکی ساڵنامەی دانیشتوانی کۆنی زاگرۆس بە پشتبەستن بە شوێنی ئەم ئەستێرانە کاتی وردی گۆڕانی وەرزەکان یان ڕووداوە گرنگەکانیان دیاریدەکرد.

٢/ بەکارهێنان لە ڕێوڕەســـم و بەرهەمی کشـــتوکاڵی تاشـــە بەردەکانی تر: دوو تاشـــە بەردی تری ئەم کۆمەڵەیە واتا  تاشــــە بەردەکانی ژمارە ٣ و ٦ بە گوێرەی هەڵکۆڵدراوەکانی سەریان دیارە، کە ئەرکی جیاوازیان هەیە:

– یەکێکیـان کە دەکەوێتە نـاو زەوییەک بە نـاوی خڕەبەردان، لە دەرەوەی گونـدەکە، کونێکی بازنەیی هەیە، تیرەکەی 27 سانتیمەتر و قووڵیەکەی 12 سانتیمەترە. بوونی ڕێڕەوێکی تەســــک لە لایەکەیدا ئاماژەیە بۆئەوەی، کە ڕەنگە بۆ دەرهێنانی شــــــەربەتی ترێ یان هەنار و بەرهەمهێنانی شــــەراب بەکارهاتبێت یان لەوانەیە بۆ ڕێوڕەســــمی ئایینی وەک قوربانیکردن بەکارهاتبێت.

– ئەوی تریان کە دەکەوێتە نزیک گوندەکە و بە کۆلەدۆشـــــاو بەناوبانگە، حەوزێکی بەردی تا ڕاددەیەک لاکێشـــەیی هەیە، قەبارەکەی ٤٠ X ٦٠ ســـم و قووڵی ١٢ ســـم. هەروەها ڕێرەوێکی تەسکی هەیە بۆ ئاڕاستەکردنی شلەکە بۆ دەرەوە. ئەم پێکهاتەیە دەتوانێت پەیوەندی بە جیاکردنی ئاوی ترێ و دروستکردنی دۆشاو یاخود شەراب هەبێت.

جگە لەمانەی باسـکران، کۆمەڵێک بەڵگەی ئایینی هەیە، پشــتڕاســتی ئەوە دەکەنەوە، کە مرۆڤ لە دێرزەمانەوە شارەزایی لە زانستی ئەستێرەناسی هەبووە و لە بوارە جۆراوجۆرەکانی ژیاندا بەکاریهێناوە. بۆ نموونە، لە قورئانی پیرۆز باســی لە چۆنیەتی بەکارهێنانی ئەســتێرەکان کردووە، سورەتی النحل، ئایەتی (١٦): وَعَلَامَاتٍ وَبِالنَّجْمِ هُمْ يَهْتَدُونَ (قورئانی پیرۆز) خوای گەورە نیشـــــانەی داناوە بۆ (ڕێنوێنی)، و بە ئەســــتێرە ڕێنمایی دەکرێن. ئەم ئایەتە بە ڕوونی ئاماژە بەوە دەکات، شـوێن و خولگە و ئاڕاسـتەی جوڵەی ئەسـتێرەکان و شـوێنیان لە ئاسـماندا بۆ گەشــتکردن و ئاڕاســتەکردن لە گەشــتەکاندا بە تایبەت لە شــەودا بەکاردەهێنرێن. هەروەک

چۆن شـــێوە فنجانەکانی پەناگەی زارگەلی بۆ مەبەســـتی دیاریکردنی ئاڕاســـتە ســـەرەکییەکان بەکارهاتوون و کۆمەڵەی فەلەکی شێرمان پێ نیشاندەدات، کە سەری شێر هێمایە بۆ ئاڕاستەی باکوور (عبدالوهاب سليمان، ٢٠١٦، ١١٣ و ١٥٦). لە قورئانی پیرۆزدا لە سورەتی أنعام، ئایەتی (٩٧) خودای گەورە دەفەرموێت: وَهُوَ الَّذِي جَعَلَ لَكُمُ النُّجُومَ لِتَهْتَدُوا بِهَا فِي ظُلُمَاتِ الْبَرِّ وَالْبَحْرِ قَدْ فَصَّلْنَا الْآيَاتِ لِقَوْمٍ يَعْلَمُونَ. ئەوە ئەو ئەستێرەیە بۆ ئێوەی دروستکردووە، تا لە تاریکی وشـــکانی و دەریادا لە لایەن ئەوانەوە ڕێنماییبکرێن. ئێمە ئاماژەکانمان بەو ئایەتە نەک هەر گەشتکردن پشتڕاستدەکاتەوە، بەڵکو باس لە بەکارهێنانی ئەستێرەکان دەکات لە سەر زەوی و دەریا. لە کتێبە ئاســـمانییەکانی تریشـــدا چەمکی هاوشـــێوە هەیە: کتێبی ئینجیلی مەتا بەشـــی دووەم بـاس لە لەدایکبوونی پێغەمبەر عیســـا (د.خ) لە بەیتولەحم[6] و ســـەردانی موجوســـەکان[7] دەکات. عیســا (د.خ) لە بەیتولەحم لە ســـەردەمی پاشــای ڕۆمانی هیرۆدس لە یەهودیە لەدایکبووە. دوای لەدایکبوونی چەند موغ و ئەســـتێرەناســـێکی میدی لە خاکی وڵاتی میدیاوە هاتنە ئۆرشـــەلیم و پرســـیاریان کرد: «ئەو منداڵەی کە لەدایک بووە و دەبێتە پاشـــای جولەکەکان لە کوێیە؟ چونکە ئەســـتێرەکەمان لە ڕۆژهەڵات بینیوە و هاتووین بۆ پەرســـتنی. (عبدالعظيم رضـايي، ١٣٨٠ شـمسـی،١٧). ئەو کات هیرۆدس پاشایەکی سەر بە ڕۆمەکان بوو لە خاکی پیرۆز، لەم شتە ترسا و پرسیاری لە کاهینەکانی موغەکانی مەجوسی کرد، کە مەسیحی بەڵێندراو لە کوێ لەدایک دەبێت؟ وەڵامیان دایەوە: «لە بەیتولەحم (ئینجیلی مەتا، بەشـی دووەم ئایەتی ١-٦).

## ئەنجام:

١. چاڵ شێوە فنجانەکان، کە لە سـەر سێ تاشـە بەرد لە گوندی مەمی خەلان لە قەزای چۆمان هەڵکەندراون، بچووکترین چاڵ تیرەکەی نزیکەی ١ ســـم و قووڵی نزیکەی ٢ ملم، لە کاتێکدا گەورەترین نموونە تیرەکەی ٢٧ سم و قووڵی ١٢ سم.

---

[6] ـ بەیتولەحم یەکێکە لە شـــارە مێژووییەکانی فەلەســـتین، کە لە کۆنەوە شـــوێنێکی گرنگی زیارەتکردن بووە. شـــارەکە دەکەوێتە ســـەر شـاخێک کە نزیکەی ٧٨٠ مەتر لە ئاسـتی دەریاوە بەرزە، دەکەوێتە باشـووری زنجیرە چیاکانی قودس، هەروەها نزیکەی دە کیلۆمەتر لە باشـووری قودسـەوە دوورە. دانشـنامه جهان اسـلام ١٣٨٥ شـمسـی، **بيت‌لحم** .جلد پنجم. تهران: بنياد دايرةالمعارف اسلامى.
https://rch.ac.ir : ٢٠٢٥/٤/٢٦.

[7] ـ مەجوسەکان تەعریب کراوی وشەی (مەگوش)ـــە کە بە واتای (موغ) واتا پەیڕەوی ئایینی زەردەشتی، ئەم وشەیە لە قورئانی پیرۆز لە سورەتی حەج ئایەی حەڤدەهەم هاتووە (اوشیدری، ١٣٧١ شمسی، ٤٢٨).

٢. پێدەچێت ئەرکێکی فەلەکییان هەبوو بێت و بۆ گەشتکردن یان دیاریکردنی ساڵنامەی وەرزی بەکارهێنراون.

٣. هاوکات کۆمەڵەی فەلەکی کاوڕ/Aries لە ناویاندا هەیە، کە ڕەنگە لە ساڵنامەی کشتوکاڵی و ڕێوڕەسمە ئایینی و کۆمەڵایەتییەکان بەکاریانهێنابێت.

٤. دوو تاشە بەردیتر ئاماژەن بۆ چالاکییەکانی پەیوەست بە پرۆسێسی کشتوکاڵی، وەکو دروستکردنی شەربەت، سرکە، شەراب. لەوانەشە تەنانەت ڕێوڕەسمی ئایینی تایبەت وەک قوربانیکردن.

٥. ئەم ئەنجامانە ئاماژە بەوە دەکەن، هەڵکۆڵدراوەکانی سەر بەردی ناوچەکە، نەک هەر ئەرکێکی فرەلایەنەیان هەبووە، بەڵکو پێدەچێت بەشێک لە سیستەمێکی ئاڵۆزی کولتووری و فەلەکی لە هەزارەی یەکەمی پێش زایین ڕەنگدانەوەی هەبێت.

٦. ئەم چالانە و مێژووی هەڵکەندنیان بۆ هەزارەی یەکەمی پێش زایین دەگەڕێنەوە، بە دۆزینەوەی گڵێنەی ئورارتی لە شوێنەواری مەمی خەلان، ئەوە بەڵگەی نزیکە لەوەی کە ئەم شوێنەوارە بۆ سەرەتای هەزارەی یەکەمی پێش زایین، و پەیوەستە بە فەلەکناسی ئورارتییەوە.

## پێشنیازەکانی توێژینەوە (بۆ لێکۆڵینەوەکانی داهاتوو):

١. پێویستە پشکنینی شوێنەکانی تر کە شێوە فنجانی لێیە لە کوردستان بکرێت بۆ پشتڕاستکردنەوە یان هەموارکردنی ئەم بۆچوونە.

٢. بەکارهێنانی ئەپی تایبەت بە فەلەکناسی بۆ بەراوردکردنی وردتری ئەم شێوە فنجانانە لەگەڵ کۆمەڵەکانی فەلەکی.

٣. ئەنجامدانی تاقیکردنەوەی جیۆکیمیایی لە سەر بەردەکان، کە پێمانوایە، پێدەچێت بۆ دروستکردنی شەراب یان ڕێوڕەسمی ئایینی بەکارهێنرابن.

٤. پێشنیازی تۆمارکردنی ئەم بەردانە وەک کەلەپورێکی نیشتمانی گرنگ و میراتی کولتووری و شوێنەواری گرنگ و پەیوەستکردنەوەی بە فەلەکناسی سەردەمانی کاشییەکان و ئورارتییەکان و گەلانی دێرین و مەدرەسە و حوجرەکانی سەردەمانی میرنشینە کوردییەکان لە سەردەمانی دواتردا.

**سەرچاوە کوردییەکان:**

– سەردار محمد عبدالرحمن، هوشیار محمدامین خۆشناو، (٢٠٠٩)، نەخشەی پارێزگای هەولێر، بەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتییەکان، ژمارەی سپاردە ٤٤٣.

- عبدالوهاب سلیمان حسن، هونەری سەربەرد لە پارێزگای هەولێر(سۆران، چۆمان)، ماستەرنامە(بڵاونەکراوە)، کۆلێژی ئاداب، زانکۆی سەلاحەددین، ٢٠١٦.

**سەرچاوە فارسییەکان:**

– حسن تقیزادە، (١٣٨٠)گاهشماری در ایران باستان، انتشارات اساطیر، تهران .

– زند بهمن یسن،(١٣٧٢)، فصل ٥، بند ٧، ترجمە رحیم عفیفی، انتشارات طهوری، تهران.

– سیروان محمدی قصیریان،(١٣٨٥) نقوش صخرەای کوە قلعە بزی اصفهان، مجلەی باستان پژوهی، دورەی جدید، شمارە ١.

– عبدالعظیم رضایی،( ١٣٨٠)، تاریخ ادیان جهان، ج ٢، انتشارات علمی، تهران.

– فریبا کریمی،(١٣٨٦)، نگرشی نو به کنده نگارهای صخرەای ایران(بر مبنای مطالعات میدانی)، مجلەی باستان پژوهی، دورەی جدید شماره ٣.

– ماندانا کرمی( ١٣٨٤)، فرهنگ مصور باستانشناسی، نشر شابک، تهران.

## The English Sources:

E.(2003).Rock Art of the Lower Pecos. Texas A&M University Press, Boyd, Carolyn, - College Station, , Texas.

.Campion, N. The Dawn of Astrology. Continuum, London. vol. 1,2004–

Centre of Excellence UK, (2023). "The Aries Constellation – History and – Symbolism".

David Lewis-Williams, (2014), Rock Art and Sacred Landscapes" New York, – .Springer

David S. Whitley, (2011), "The Handbook of Rock Art Research" California, Altamira – .Press

E. S. Kennedy et al.(1987), "Astrology and Astronomy in Iran", Encyclopaedia Iranica.–

– James B. Kaler, (2002) *The Ever-Changing Sky: A Guide to the Celestial Sphere* (Cambridge: Cambridge University Press.

Mehdi Kazempur, Nasir Eskandari , Asadollah Shafizade, The petroglyphs of – .Dowzdaghi, Northwestern Iran, Islamic Azad University of Ahar

– Neugebauer, O. (1955). The Exact Sciences in Antiquity. Brown University Press, Providence.

- Paul Bahn, and Colin Renfrew, (1996), "Archaeology: Theories, Methods, and Practice" London.

- Randall White, ( 2003) "Prehistoric Art: The Symbolic Journey of Humankind" New York, Harry N. Abrams.

- Richard Bradley, (1997), rock art and the prehistory of atlantic Europe:signing the land, London, first published.

- Ridpath, I. & Tirion, W. (2017). Stars and Planets Guide. Collins, London.

- Ruggles, C. (1998) "The ancient astronomical traditions of Iran and Mesopotamia", Journal of the British Astronomical Association, 108(1).

- Seidelmann, P. K. (ed.) (2006) Explanatory Supplement to the Astronomical Almanac. Mill Valley, CA: University Science Books.

- Spring field museums, (2021)middle eastern roots of the constellations.

- Tester, S. J. (1987). A History of Western Astrology. Boydell Press, Suffolk.

- Timothy Insoll, ( 2011), "The Oxford Handbook of the Archaeology of Ritual and Religion"Oxford, Oxford University Press.

- Whitley, D. S. (2005). Introduction to Rock Art Research. Left Coast Press.

**سەرچاوەی چاوپێکەوتن:**

- عبدالوهاب سلیمان،(٢٠٢٥/٤/٨)، بەڕێوەبەری بەڕێوەبەرایەتی شوێنەوار و کەلەپووری سۆران، دیمانەی تایبەتی توێژەر. لە شاری سۆران.

**سەرچاوەی ئەنتێرنێتی:**

- دانشنامه جهان اسلام ١٣٨٥ شمسى، **بيتلحم** .جلد پنجم. تهران: بنياد دايرةالمعارف اسلامى.

: https://rch.ac.ir ٢٠٢٥/٤/٢٦.

– گوزيک، ديويد. "تفسير انجيل متى، باب دوم. **Enduring Word Commentary**." دسترسى در 26 آوريل 2025. لينک : https://enduringword.com/bible-commentary/matthew-2/

**الملخص:**

تقع قرية ممي خلان في قضاء جومان، ضمن الإدارة المستقلة لسوران في محافظة أربيل، بإقليم كودستان العراق. وقد جرى تصنيفها كموقع أثري جديد في عام 2020 من قبل مديرية الآثار والتراث في سوران، وذلك أثناء تنفيذ مشروع لشق طريق في المنطقة. أدى اكتشاف فخاريات تعود إلى الألفية الأولى قبل الميلاد، وتتميز بسمات من الفن الأورارتي، إلى تسليط الضوء على الأهمية التاريخية لهذه المنطقة الواقعة على الحدود الغربية للإمبراطورية الأورارتية. كما تم العثور على فنون صخرية، تعكس الأبعاد الرمزية والثقافية التي كانت سائدة في تلك الحقبة.

تتناول هذه الدراسة الدور الوظيفي للعلامات الكأسية – (Cupules) وهي نقوش صغيرة على شكل كأس – المنحوتة في الصخور، وعلاقتها بثقافة سكان زاغروس القدماء. وقد أجري مسح ميداني شمل 15 موقعاً أثرياً، من بينها أربع قلاع، وعدد من المستوطنات، والمقابر، وثلاثة ينابيع، وستة أحجار وجد على أربعة منها حفر نقوش كأسية. وتجدر الإشارة إلى أن معظم هذه الاكتشافات حديثة، ولم توثق مسبقاً في سجلات مديرية الآثار والتراث في سوران.

تشير الأدلة الأثرية إلى أن هذه العلامات الكأسية ربما كانت تستخدم لأغراض فلكية أو طقسية، كتحديد الاتجاهات، وتعاقب الفصول، أو كأداة تقويمية، وربما أيضاً للتنبؤ بالأحداث الطبيعية والفلكية، مما يعكس فهماً متقدماً لحركة الأجرام السماوية لدى سكان زاغروس في العصور القديمة. وربما تم استخدام الحجرين الآخرين، اللذين يطلق عليهما السكان المحليون اسم كولَ دوشاو، إما لإنتاج النبيذ المقدس أو لاستخدامهما في طقوس التضحية.

**الكلمات المفتاحية:** قرية ممي خلان، لأورارتي، النقوش الصخرية، للعلامات الكأسية، جوني، كولَ دوشاو.